حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
المديرية العامة لنقل الكهرباء

Kurdistan Regional Government - Iraq
Council of Ministers
Ministry of Electricity
General Directorate of Electricity Transmission

# پەیڕەوی ناوخۆی

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

# INTERNAL APPROACH OF GENERAL DIRECTORATE OF ELECTRICITY TRANSMISSION

June 2019

## پەیڕەوی ناوخۆی

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

## یەکەم : ئامانجەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

ئامانجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا، بریتیە لە دابینکردنی تۆڕێکی کارەبای نیشتیمانی تۆکمە و سیستەمێکی جێگیر و سەقامگیر و بەردەوام کە بتوانێت ئەو بڕە کارەبایەی کە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت بگوازێتەوە بە باشترین کوالیتی و بە کەمترین وون بوون وە دڵنیا بوون لەگەیشتنی بۆ هاوڵاتیان و بەکارهێنەران لە ڕێگەی وێستگەکانی گۆڕینی کارەبا بە بەرزترین تایبەتمەندی (مواصفاتی) جیهانی، هاوتەریب لەگەڵ فراوان بوونی شار و شارۆچکەکان و زیاد بوونی خواست لەسەر کارەبا لە ئەنجامی فراوان بوونی نیشتەجێ بوون و بنیاتنان و فراوان بوونی دامەزراوە پیشەسازی و گەشت و گوزاری و کشتوکاڵیەکان و فراوان بوونی کەرتی وەبەرهێنان وە **بە لەبەر چاو گرتنی ماستەر پلانی وەزارەت و قۆناغەکانی بۆ ساڵانی داهاتوو.**

## دووەم : ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا کە بەرپرسیاریەتی تۆڕی سێکتەری کارەبا لە ( وێستگەکانی جێگیر و مۆبایل و لە هێڵەکانی هەوائی و کیبڵی ژێر زەوی) لە ئاستەکانی 33 و 132 و 400 کیلۆڤۆڵت لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان لە ئەستۆ دەگرێت، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1- پلان دانان بۆ بنیات نانی پرۆژەی نوێ بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ ستراتیژیەتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کوك بێت لەگەڵ پرۆژەکانی سێکتەرەکانی تری وەزارەت و پرۆگرامی پرۆژە کانی وەبەرهێنان.

2- ئیدامەکردن و فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

3- فەراهەم کردنی پێداویستیەکان و بەستنی تۆڕی کارەبای کوردستان بە تۆڕی کارەبای عیراق.

4- فەراهەم کردنی پێداویستیەکان و بەستنی تۆڕی کارەبای کوردستان بە تۆڕی کارەبای وڵاتانی دراوسێ.

5- دانان و دەرکردنی ڕێکار و ڕێنمایی تەکنیکی و دانانی پلان و بەرنامەی پێویست لە بواری ئیش پێکردن و چاککردنەوەی تۆڕی گواستنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان و چاودێری کردنی پابەندبوون بەو ڕێکار و بەرنامە و ڕێنماییانە.

6- بنیاتنانی وێستگەکانی گۆڕین لە ئاستی ( 33، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

7- بنیاتنانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

8- بنیاتنانی هێڵەکانی گواستنەوەی کێبڵ لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

9- فراوان کردن و زیادکردنی توانای وێستگە کۆنەکانی گۆڕین لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

10- فراوان کردن و زیادکردنی توانای هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

11- زیادکردنی توانای هێڵەکانی گواستنەوەی کێبڵ لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

12- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و تەکنیکی ( تیۆری و پراکتیکی )کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە لە ئەندازیار و تەکنیکاران بۆ ئاستێکی جیهانی بە مەشق پێکردن و ڕاهێنانیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

13- توێژینەوەی بەردەوام دەربارەی باری تۆڕی کارەبا و چارەسەر کردنی خاڵە لاوازەکان و اختناقات بە بەکارهێنانی سۆفت وێر و پرۆگرامی پێویست و پێشنیارکردنی چارەسەریەکان و دیاریکردنی گونجاوترین چارەسەری.

14- بەستنەوەی وێستگەکانی گۆڕین لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت بە وێستگەکانی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا.

15- بەستنەوەی وێستگەکانی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبای کەرتی تایبەت بە تۆڕی کارەبا و ڕێکخستنی بڕی ووزەی گواستراوە لەو وێستگانەوە بۆ ناو تۆڕی کارەبا.

16- دیراسەت کردن و بەرز کردنەوەی ڕاو و بۆچوونی تەکنیکی و پێشنیار بۆ پێدانی ووزەی کارەبا بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

17- فەراهەم کردنی تۆڕی فایبەر ئۆپتیك OPGW بۆ سیستەمی گواستنەوەی داتا و زانیاری سێکتەری کۆنترۆڵ و گەیاندن لە وەزارەت، هەروەها بۆ کەرتی گشتی و تایبەت لەڕێگەی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

18- دانان و بەکارهێنانی پێشکەوتووترین مواصفات و ستاندارده جیهانیەکان لە پێکهاتەکانی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا.

19- پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بوارەکانی چاککردنەوە و ئیشپێکردنی تۆڕی کارەبا بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

20- ئامادەکردنی درافتی تەندەرەکانی سێکتەری گواستنەوە.

21- بانگهێشت کردن و ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ باشترین و پێشکەوتووترین کۆمپانیا لە بواری بنیاتنانی تۆڕەکانی گواستنەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانەوە.

22- بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی بواری تۆڕی گواستنەوەی کارەبا لەوێستگەکان و هێڵەکانی هەوائی و کێبڵی ژێر زەوی لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

23- مسۆگەر کردنی بەکارهێنانی باشترین و پێشکەوتوترین کەرەستەو کەل و پەل و ئامێری لە تۆڕی کارەبا کە بەرهەمهێنراوی پێشکەوتووترین کارگەکانی جیهان بێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵ کردنی ڕێکارەکانی هاتنە ناو ڤێندەر لیستی وەزارەت لە بۆ سێکتەری گواستنەوەی کارەبا و پشکنینی کارگەکەکان.

24- مسۆگەر کردنی بەکارهێنانی باشترین و پێشکەوتوترین کەرەستەو کەل و پەل و ئامێری لە تۆڕی کارەبا کە بەرهەمهێنراوی پێشکەوتووترین کارگەکانی جیهان بێت و کۆنترۆڵ کردن و چاودێری کوالیتی و مواصەفاتی بەرهەمەکان بەر لە بەکارهێنانیان لە تۆڕی کارەبا و لە کاتی بەکارهێنانیان.

25- پێدانی مواصفات و مەرجە تەکنیکیەکان و سەرپەرشتیکردنی ئەو کار و پرۆژانەی بواری گواستنەوەی کارەبا ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت کە لەلایەن وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان یان لە لایەن وەبەرهێنەرانەوە ئەنجام دەدرێت.

26- دیاریکردنی ڕێڕەوی هێڵەکانی پرۆژەکانی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵ لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400) کیلۆ ڤۆڵت و دیاریکردنی شوێنی وێستگەکانی گۆڕین لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت و وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان لەسەر ڕێڕەوی هێڵ و شوێنی وێستگە.

**فەرمانی وەزاری ژمارە ( 72 ) لە 2018/5/7 وە نوسراوی ژمارە ( 73 ) لە 2017/6/13 ، وەك لە خوارەوە هاتوون دووپاتی ئەرکەکان و ڕێنماییەکان دەکەن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کـارەبا :**

**فەرمانی وەزاری**

بەمەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کارەکان و هەماهەنگی و ئاگاداربوون لە ئەنجامدانی هەرکارو چالاکیەك و گۆڕانکاریەك کە بە پێ ی هەیکەلی وەزارەت لە سێکتەری گواستنەوە ڕەنگدانەوەی هەبوو.

بڕیارماندا بە:-

1- پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە کە وێستگەکان و هێڵەکانی کارەبا ( 33 و 132 و 400 ) کی ڤی هەوائی و ( 132 و 400 ) کی ڤی کێبڵی ژێرزەوی لە خۆ دەگرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە بەڕێوەدەبرێت بەمەبەستی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سەرپەرشتی بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ – ليژنەی سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی گواستنەوە و گشت ئەو ليژنانەی کەپەيوەنددارن بە ئيش و کاری پرۆژەکانی گواستنەوەو ليژنەکانی ڤێندەر ليستی گواستنەوە بە هەماهەنگی و بەپێ ی پێويستی کارەکان لە نێوان بەڕێوبەری گشتی گواستنەوە و کارمەندانی بەڕێوەبەرايەتی گشتی کارەبای شارەکان پێك دەهێنرێت لەکارمەندانی بەڕێوەبەرايەتی گشتی گواستنەوە و کارمەندانی بەڕێوەبەرايەتی گشتی پارێزگاکان لەدوای ئەوەی بەڕێوەبەرايەتی گشتی پارێزگاکان ناوی کانديدکراوانی خۆيان بۆ بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە ڕەوانەدەکەن .

ب – سەرف کردنی پێشينە و سلفەی پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە بە پێ ی ياسا و ڕێنماييە داراييەکان دەبێت دوای وورد بينی کردن و هەڵسەنگاندنی لەلايەن بەڕێوەبەرايەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرايەتی گشتی ديوان و پەسەندکردنی لەلايەن بەڕێز جەنابی بريکاری وەزارەت تەنها بۆ ئەو پرۆژانەی لە سەر بودجەی پلانن.

2 – هيچ گۆڕانکاريەك لەپێکهاتەی وێستگەکان و هێڵەکانی کارەبا ( 33و 132 و 400 ) کی ڤی هەوائی و (132 و 400 ) کی ڤی کێبڵی ژێر زەوی بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرايەتی گشتی گواستنەوە ئەنجام نادرێت.

3 – کاری کوژاندنەوە و گەڕاندنەوەی وێستگەکان و هێڵەکانی کارەبا ( 132 و 400 ) کی ڤی هەوائی و (132 و 400) کی ڤی کێبڵی ژێر زەوی، بەبێ ڕەزامەندی هەريەك لە بەڕێوەبەرايەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرايەتی گشتی کۆنترۆڵ ئەنجام نادرێت.

4 – موڵکی بەڕێوەبەرايەتيەکانی گواستنەوەی پارێزگاکان لە کەل و پەل و کەرستە و ئامێر، چ ئەوانەی کۆگاکانی گواستنەوە چ ئەوانەی دەرەوەی کۆگاکانيان، نادرێتە هيچ کەس و لايەنێك و بەڕێوەبەرايەتيەك تەنها دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێز بريکاری وەزارەت و بە پێ ی ياسا و ڕێنماييە داراييەکان.

5 – گشت ئەو نوسراوانەی پەيوەندار بە کاروباری تەکنيکی بەڕێوەبەرايەتی تەکنيکی بەڕێوەبەرايەتی گواستنەوەی پارێزگاکان کە لە بەڕێوەبەرايەتی گشتی پارێزگاکانەوە ڕەوانەی وەزارەتمان دەکرێت پێويستە لە پێشدا ئاڕاستەی بەڕێوەبەرايەتی گشتی گواستنەوە بکرێت وەکو لايەنی پەيوەنددار.

6 – پێويستە ناوەڕۆکی نوسراوی ژمارە ( 73 ) لە 13 / 6 / 2017 کە لە لايەن نووسينگەی بەڕێز بريکاری وەزارەت دەرچووە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و پابەند بن پێوەی .

*** لەگەڵ ڕێزدا ***

**هۆگر محمد فرج شاڵی**

**بريکاری وەزارەتی کارەبا**

**نوسراوی ژمارە ( 73 ) لە 2017/6/13،**

## بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە

### بابەت / ڕاپۆرتی مانگانەی وێستگەکان

پێویستە مانگانە بە بەردەوامی ڕاپۆرتی وێستگە ناوەندیەکانمان بەدەست بگات وە چەندین زانیاری کارگێڕی و تەکنیکی لە خۆ بگرێت وە هەروەها بەدواداچوونی بەردەوام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە ئەنجام بدرێت بە سەردانی وێستگە ناوەندیەکان ، لەو زانیاریانەی پێویستە پێمان بگات :

1- بەرنامەی بەگڕخستنی وێستگەکان.
2- بەرنامەی صیانەی دەوری وێستگەکان.
3- ڕاپۆرتی وەرگرتنی ووزەی وەرگیراو وە ووزەی دەرچوو لە وێستگەکان.
4- ڕاپۆرتێك لەسەر مناوەبە و بەرپرسی وێستگەکان پێشکەش بکرێت لەگەڵ ڕاپۆرتەکان.
5- هۆشیار کردنەوەی بەرپرسی وێستگەکان کە مەرجە بە بەردەوامی چاودێری ئامێری وێستگەکان بکەن و بەرپرسیاریەتی ئەگەوێتە ئەستۆیان لە هەموو کەم و کوڕیەك.

** لەگەڵ ڕێزدا **

**هۆگرمحمد فەرەج شاڵی**

**بریکاری وەزارەت**

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئه نجومەنی وەزیران
وەزارەتــی کــارەبــا
نوسینگەی بریکاری وەزیر

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Office of Deputy Minister

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب وكيل الوزير

ژمارە: ٧٢
ڕێکەوت: ١٧/گوڵان/٢٠١٨ کوردی

No:72
Date :2018/5/7

وەزارەتی کارەبا - نووسینگەی بریکاری وەزارەت
دەرچوو
Ministry of electricity - Deputy Minister Office

# فەرمانی وەزاری

بەمەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کارەکان و هەماهەنگی و ئاگاداربوون لە ئەنجامدانی هەر کار و چالاکیەك و گۆڕانکاریەك کە بەپێ ی هەیکەلی وەزارەت لە سێکتەری گواستنەوە ڕەنگدانەوەی هەبوو .

بڕیارماندا بە :-

١- پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە کە وێستگەکان و هێڵەکانی کارەبا (٣٣ و ١٣٢ و ٤٠٠ ) کی ڤی هەوائی و ( ١٣٢ و ٤٠٠ ) کی ڤی کێبڵی ژێر زەوی لە خۆدەگرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە بەڕێوەدەبردرێت بەمەبەستی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سەرپەرشتی بەم شێوەی خوارەوە :

أ- لیژنەکانی سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی گواستنەوە و گشت ئەو لیژنانەی کە پەیوەنددارن بە ئیش و کاری پرۆژەکانی گواستنەوە و لیژنەکانی ڤێندەر لیستی گواستنەوە بە هەماهەنگی و بە پێ ی پێویستی کارەکان لە نێوان بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان پێك دەهێنرێت لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان لە دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان ناوی کاندیدکراوانی خۆیان بۆ بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە ڕەوانە دەکەن .

ب- سەرف کردنی پێشینەو سلفەی پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە بە پێ ی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان دەبێت دوای وورد بینی کردن و هەڵسەنگاندنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان و پەسەند کردنی لە لایەن بەڕێز جەنابی بریکاری وەزارەت تەنها بۆ ئەو پرۆژانەی لەسەر بودجەی پلانن .

٢- هیچ گۆڕانکاریەك لەپێکهاتەی وێستگەکان و هێڵەکانی کارەبا (٣٣ و ١٣٢ و ٤٠٠ ) کی ڤی هەوائی و ( ١٣٢ و ٤٠٠ ) کی ڤی کێبڵی ژێر زەوی بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە ئەنجام نادرێت .

Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213

www.krgelectric.org
moe-krg@hotmail.com

| | | |
|---|---|---|
| اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الكهرباء<br>مكتب وكيل الوزير | Kurdistan Regional Government<br>Council Of Ministers<br>Office of Deputy Minister | هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی کارەبا<br>نوسینگەی بریکاری وەزیر |

No: 73

Date : 2017 / 6 / 13

ژمارە : ٧٣

ڕێکەوت : ٢٣/ جۆزەردان /٢٧١٧ کوردی

وەزارەتی کارەبا ـ نووسینگەی بریکاری وەزارەت
دەرچـــوو
Ministry of electricity - Deputy Minister Office

## بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە

## بابەت/ ڕاپۆرتی مانگانەی وێستگەکان

پێویستە مانگانە وە بەبەردەوامی ڕاپۆرتی وێستگە ناوەندیەکانمان بەدەست بگات وە چەندین زانیاری کارگێڕی و تەکنیکی لە خۆ بگرێت وەهەروەها بەدواداچونی بەردەوام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە ئەنجام بدرێت بە سەردانی وێستگە ناوەندیەکان ، لەو زانیاریانەی کە پێویستە مانگانە پێمان بگات :

١- بەرنامەی بەگڕخستنی وێستگەکان .

٢- بەرنامەی صیانەی دەوری وێستگەکان .

٣- ڕاپۆرتی وەرگرتنی ووزەی وەرگیراو وە ووزەی دەرچوو لە وێستگەکان

٤- ڕاپۆرتێك لەسەر مناوەبەو بەرپرسی وێستگەکان پێشکەش بکرێت لەگەڵ ڕاپۆرتەکان .

٥- هۆشیار کردنەوەی بەرپرسی وێستگەکان کە مەرجە بە بەردەوامی چاودێری ئامێری وێستگەکان بکەن و بەرپرسیاریەتی ئەکەوێتە ئەستۆیان لە هەموو کەم وکوڕیەك .

** لەگەڵ ڕێزدا **

هۆگر محمد فەرەج شاڵی
بریکاری وەزارەت

**وێنەیەك بۆ:-**

- نوسینگەی تایبەت.
- ڕاوێژکاران (محمود حاجی _ حەمامین هەورامی _ برهان خضر) / لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارتان .
- ب.گ کارەبای (هەولێر _ سلێمانی _ دهۆك _گەرمیان) .
- ب.گ (دیوان _ پلان دانان _ کۆنتڕۆڵ و گەیاندن).

٣- كاري كوژاندنەوە وگەڕاندنەوەی وێستگەکان و هێڵەکانی کارەبا (١٣٢ و ٤٠٠ ) کی ڤی هەوائی و ( ١٣٢ و ٤٠٠ ) کی ڤی کێبڵی ژێر زەوی ، بە بێ ڕەزامەندی هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ ئەنجام نادرێت .

٤- مولکی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی پارێزگاکان لە کەل و پەل و کەرەستە و ئامێر، چ ئەوانەی کۆگاکانی گواستنەوە چ ئەوانەی دەرەوی کۆگاکانیان ،نادرێتە هیچ کەس و لایەنێك و بەڕێوەبەرایەتیەك تەنها دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێز بریکاری وەزارەت و بەپێ ی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان .

٥- گشت ئەو نوسراوانەی پەیوەندار بە کاروباری تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکان کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای پارێزگاکانەوە ڕەوانەی وەزارەتمان دەکرێت پێویستە لە پێشدا ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە بکرێت وەکو لایەنی پەیوەندار .

٦- پێویستە ناوەڕۆکی نووسراوی ژمارە ( ٧٣ ) لە ١٣ / ٦ / ٢٠١٧ کە لەلایەن نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت دەرچووە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و پابەند بن پێوەی .

***لەگەڵ ڕێزدا***

**هاوپێچ :**

- نووسراوی ژمارە ( ٧٣ ) لە ١٣ / ٦ / ٢٠١٧


**هۆگر محمد فرج شالی**
**بریکاری وەزارەتی کارەبا**

**وێنەیەك بۆ-**

- نووسینگەی تایبەت.
- ب.گ (دیوان ، دابەشکردن ، گواستنەوە ، پلان دانان) / بۆ ئاگاداریتان
- ب.گ. کارەبای (هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی ، گەرمیان) / بۆ ئاگاداری و کاری پێویست
- ب.(بەدواداچون و چاودێری ، ژمێریاری پلان ، ژمێریاری ئاسایی)
- چاودێری

سێیەم :

**پەیکەر ( هەیکەل )ی ئیداری سێکتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا لە وەزارەتی کارەبا کە بە نووسراوی ژمارە ( 5019 ) لە 2018/12/9 ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری پێدراوە**




**هەیکەلی ئیداری**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا**

**بە نووسراوی ژمارە (5019) لە 9/12/2018**

**ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری پێدراوە**

| هەرێمی کوردستان- عێراق | Kurdistan Region - Iraq | اقليم كوردستان- العراق |
|---|---|---|
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | Presidency Council OF ministers | رئاسة مجلس الوزراء |
| وەزارەتی دارایی وئابووری | Ministry of Finance & Economy | وزارة المالية و الاقتصاد |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە | General Directorate of Budget | مديرية الموازنة العامة |
| بەڕێوەبەرایەتی میلاکات | | مديرية الملاكات |

ژمارە: ١٩٧٠ / ١٩ / ٥٠١ ڕێکەوت: ٢٧١٨ کوردی ڕێکەوت: ٩ / ١٢ / ٢٠١٨ زاینی

## بۆ/ وەزارەتی کارەبا/ ب.گ. دیوان/ ب. کارگێری / میلاکات

## ب/ پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستن

نووسراوتان ژمارە (٦١٠٩) لە ٢٠١٨/١١/٢١.

کاری پێویست ئەنجام دراسەبارەت بە پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستنی (هیکل تنظیمی) بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا بە ڕەچاوکردنی گشتاندنی دارایی ژمارە(٦ و١١)ی ساڵی ٢٠١٢ و ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠١٣) وە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٥) .

هاوپێچ///

پەیکەری ڕێکخستن

لەگەڵ ڕێزماندا...


پەروین محمد نوری عزیز

بەڕێوەبەری گشتی بوودجە

٢٠١٨/١٢/

وێنەیەک بۆ:

- ب. گشتی گواستنەوەی کارەبا/بۆ کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.
- ب. گەنجینەی هەولێر/ بۆ کاری پێویست .
- میلاکات/ لەگەڵ سەرەتاکان.
- دۆسیەی سوراو.




پەسەندی بەڕێوەبەرایەتی وەزیر | ب. گشتی دیوان | بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری

## چوارەم : پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا پێك دێت لە بەڕێوەبەری گشتی و سێ بەڕێوەبەرایەتی و چەند بەشێك وەك لە خوارەوە هاتووە:

### أ- بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا

بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا بەرپرسە لە سەرپەشتی کردن و بەدیهێنان و جێ بەجێ کردنی سەرجەم ئامانج و ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا، وەك لە خاڵەکانی یەکەم و دووەم لە سەرەوە هاتوون، وە دەسەلاتەکانی بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا دواتر بە فەرمانی وەزاری دیاری دەکرێت، پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا ئەمانەی خوارەوەن:

#### أ.1- هۆبەی سکرتاریەت

**لەلایەن فەرمانبەرێکی شارەزا لە بواری سکرتاریەت بەڕێوە دەبرێت کە هەڵگری بڕوانامەی شەش ی ئامادەیی یا بەسەرەوە بێت و ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێ بەجێ دەکات:-**

1. بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی چالاکی و بەرنامەی ڕۆژانەی بەڕێوەبەری گشتی.
2. یاوەری کردنی بەڕێوەبەری گشتی لە کاتی پێویستدا.
3. هێنان و بردنی پۆست ( بەرید ) و نوسراوەکان بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی.
4. وەرگرتن و تۆمارکردنی پۆستی نهێنی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەڕێوەبەری گشتی دەربارەیان.
5. چاودێری کردنی بەردەوام و وەرگرتنی پۆستی ئەلیکترۆنی فەرمی ( ئیمێل ) ی بەڕێوەبەری گشتی.
6. وەلامدانەوەی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانی هاتوو بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی و پەیوەندیکردن بەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە بەڕێوەبەری گشتی داوای پەیوەندیکردن پێوەیان دەکات.
7. ڕێکخستن و تۆمارکردن و پاراستن و دۆسیە کردنی دۆکیومێنت و ڕاپۆرت و بەراییەکانی نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی.
8. ڕێکخستنی وادەی کۆبوونەوە گشتیەکانی ( دەوری و لەناکاو ) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و ئاگادارکردنەوەوی کارمەندان بۆ ئامادەبوون.
9. جێ بەجێ کردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی بەرێوەبەری گشتی بە پێ ی یاسا و ڕێنماییەکان.
10. کۆپیکردن و چاپ کردنی پۆستەی تایبەت بە نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی.

11. پێشوازیکردن میوان و مراجع و وەرگرتنی داواکاریەکانیان و پۆلێن کردنیان و تۆمارکردنیان و ڕێکخستنی داواکاری چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی بە پێ ی خشتەیەک، هەروەها ڕێکخستنی چوونە ژوورەوەی میوان و کارمەندان بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی.
12. پێدانی پۆست بە بەشی سەرپەرشتی کاری تەکنیکی لە دوای ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارەکانی دەکات.
13. ئامادەکاری بۆ سەردانەکانی بەڕێوەبەری گشتی بۆ ناوەوەی شار و دەرەوەی شار.

**ب- بەشی سەرپەرشتی کاری تەکنیکی**

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی ( بەرێوەبەری هونەری یان بەسەرەوە ) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم ی کارگێڕی یا دبلۆم ی تەکنیکی یا بەسەرەوە بەڕێوە دەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری کارگێڕی تەکنیکی و ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێ بەجێ دەکات:-**

1. نووسین و ڕێکخستن و پاراستنی کۆنووسی کۆبوونەوە گشتیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە.
2. دابەشکردنی نوسراوەکان، لە دوای وەرگرتنی لە سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی، لەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بەو شێوەیەی کە بەڕێوەبەری گشتی ئاراستەی کردووە.
3. ڕێکخستن و تۆمارکردن و پاراستنی گشت نووسراو و دۆکیومێنت و ڕاپۆرت و بەراییەکان و دۆسیە کردنیان بە هاردکۆپی و سۆفت کۆپی لەسەر بنەمای بابەت و بەروار و مسۆگەرکردنی گەیشتنی بە دەستی کارمەندان بە پێ ی پەیوەندی بە ئاسانی و بە بێ دواکەوتن.
4. بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی وەزارەت بە باشترین شێوە بۆ دکیومێنت کردن و بەدواداچوونی نووسراوەکان.
5. جێ بەجێ کردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی بەڕێوەبەری گشتی بە پێ ی یاسا و ڕێنماییەکان.
6. ڕێکخستن و تۆمارکردنی مۆڵەتی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ڕێگەی فۆرم و پسوولەی تایبەت.
7. ڕێکخستنی کارکردن و جوڵەی ئۆتۆمبیلەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی، جگە لەو ئوتومبێلانەی کە تایبەت کراون بە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پلان و وێستگەکان و هێڵەکان.
8. ئامادەکردن و چاپ کردن و ووردبینی کردنی گشت نووسراوەکان بەر لە واژۆکردنی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی.
9. بەدواداچوونی دابین کردنی پێداویستیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.
10. ئامادەکردن و ڕێکخستنی لیستی هاندان و پاداشت.
11. ئامادەکردن و ڕێکخستنی پێشینەی مانگانە.

12. ئامادەکردن و بەدواداچوونی ئەو نووسراوانەی کە پەیوەنددارن بە شایستە داراییەکانی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

13. بەدواداچوونی کارە ژمێریاریەکانی پەیوەندداربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و هەماهەنگی کردن لەگەل بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بۆ ڕایی کردنیان.

14. بەشداریکردن لە لیژنەی جەردی بەردەوام و جەردی سالآنەی کەل و پەلەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

15. هەر کارێکی ووردبینی کە بەرێوەبەری گشتی پێیان ڕادەسپێرێت بە پیێ ی یاسا و ڕێنماییەکان.

16. ڕێکخستن و پاراستنی دۆسیەی پرۆژەکانی تەواوکراو و ئەوانەی لە ژێر ئەنجامدان.

**ج- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوونی پرۆژەکان**

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (س .ئەندازیاران) یان بەسەرەوە بەڕێوە دەبرێت کە لایەنی کەم ( 15 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری پلاندانان و بەدواداچوون، سەرپەرشتی و ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-**

1. ئەنجامدانی توێژینەوە و دیراساتی تەکنیکی و ئابوری و دیراساتی جەدوای کارەکانی سێکتەری گواستنەوە و ئەو پرۆژە و کارانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە بە نیازە ئەنجامی بدات.

2. کۆکردنەوەی داتای پێویست و پەیوەنددار بە تۆڕی گواستنەوەی کارەبا و شیکردنەوەیان بۆ ئامادەکردنی دیراسات و لێکۆڵینەوانەی کە خزمەت بە سێکتەری گواستنەوە دەکات.

3. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان، لەرێگای بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی ووردەکاری داتای تۆڕی کارەبا وە ئەو پلانەی کە لە لایەن ئەوانەوە دانراوە بەمەستی دیراسەت کردنیان و پێدانی پێشنیاری پێویست و ئامادەکردنی هێڵە گشتیەکانی پلانی وەزارەت لە سێکتەری گواستنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.

4. بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی گشتی بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە و پلانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان و ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی راپۆرتی دەوری تایبەت بە قۆناغەکانی جێبەجێکردن.

5. ئەنجامدانی هەر توێژینەوە و دیراسەیەك کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی یەوە داوابکرێت.

6. دیراسەت کردن و بەرز کردنەوەی ڕاو و بۆچوونی تەکنیکی و پێشنیار بۆ پێدانی ووزەی کارەبا بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت.

7. پێشنیارکردنی پلانی ستراتیجی بۆ باشترکردنی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا بە ڕەچاوکردنی زیاد بوونی خواست لەسەر کارەبا، وە پاڵپشت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و پێشنیارەکانی لیژنەی (دیراسات و لێکۆڵینەوە و دیزاین) وە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.

8. پێشنیار کردنی پرۆژەی پێویست کە بنیات بنرێت لە وێستگەکانی گۆڕین و هێڵەکانی گواستنەوە، پاڵپشت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و پێشنیارەکانی لیژنەی (دیراسات و لێکۆڵینەوە و دیزاین) وە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.

9. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانە لە سەر پرۆژەکان لە ڕووی تەکنیکی و ڕێژەی جێبەجێکردن و کێشەکانی پرۆژە و خاڵە ئەرێنی و نەرێنی پرۆژەکان و بەرزکردنەوەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی.

10. تۆمارکردن و بەداتاکردن و نوێکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنی تەکنیکی و دارایی و بانکی پرۆژەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری پرۆژەکان، خستنە رووی داتا و زانیاریەکان بە ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری گشتی.

11. ئامادەکردنی پلانی دابین کردنی بوودجە بۆ ئیش پێکردن و چاکردنەوەی پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە، وە (مناقلات) بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.

12. بەشداری کردن لە ئامادەکردنی ماستەر پلان و پلانی ساڵانە و پلانی پێنج ساڵەی وەزارەت.

13. ئەنجامدانی ئاماری پێویست لە بواری تۆڕی گواستنەوە.

14. پێداچوونەوەی بەردەوام بە مواصفات و ستاندرات ی بەکارهاتوو لە بواری گواستنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار (وێستگەکان و هێڵەکان) هەروەها پاڵپشت بە ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری پرۆژەکان کە لە کۆتایی هەر پرۆژەیەك پێویستە پێشکەشی بکەن بەو کەم و کوریانەی کە لە تەندەری پرۆژەکەدا هەیە.

15. دانانی پلانی مەشق و ڕاهێنانی پێویست بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار، بۆ ڕێکخستنی خول لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وە بەدواداچوونی کوالیتی مەشق و ڕاهێنان و ئاستی سوود وەرگرتنی بەشداربوان.

16. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو بەشانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوونی پرۆژەکانە.

17. بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی تەکنیکی ئەو کەرەستە و ئامێر و کەل وپەل و بەرهەمهێنراوانەی بواری وێستگەکان و هێڵەکانی گواستنەوە و پشکنینی کارگەکان، بەر لەوەی بخرێنە ڤێندەر لیستی وەزارەت.

18. بەشداریکردن لە ئەنجامدانی تێستی کارگە و تێستی ڕۆتینی بۆ کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەکانی بەکار هاتوو لە پرۆژەکانی تۆری گواستنەوەی کارەبا، هەروەها بەشداریکردن لە خولەکانی راهێنانی تایبەت بە بواری گواستنەوەی کارەبا و پلاندانان.

19. بەشداری کردن لە گشت کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەراتی گشتی گواستنەوە، بەمەبەستی ئاگاداربوون و رادەربڕین و پلاندانان بۆ گشت کێشە و پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە.

20. بەدواداچوون و ووردبینی کردن لە راپۆرتی مانگانەی کۆنترۆڵی شارەکان و کۆنترۆڵی هەرێم بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانی ئیشپێکردن و کاری رۆژانەی وێستگەکان و هێڵەکانی گواستنەوە، بەمەبەستی دراسەکردنی کێشەکان وە دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆیان.

21. بەدواداچوون و ووردبینی کردن لە نەخشەی تۆری کارەبای هەرێم لە ئاستی ( 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت وە هەروەها سەرپەشتی و بەدواداچوون بۆ ئامادەکردنی نەخشەی تۆری کارەبای شارەکان لە ئاستی ( 33 ) کیلۆ ڤۆڵت.

22. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو بەشانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پلانن.

## ج-1. بەشی توێژینەوە و پلانی ستراتیجی

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری کارەبا بەڕێوەدەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری پلان و توێژینەوە و ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات :**

1. ئەنجامدانی توێژینەوە و شیکردنەوە و دیراساتی تەکنیکی لەسەر تۆڕی کارەبا بەو داتا و زانیاریانەی کە لە بەشی داتا و بەدواداچوون وەریدەگرێت، بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی تۆڕی کارەبا، بە پشت بەستن بە پرۆگرام و سۆفت وێری تایبەت.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە و شیکردنەوە و دیراساتی تەکنیکی و دیراساتی جەدوای کارەکانی سێکتەری گواستنەوە داتا و زانیاریانەی کە لە بەشی داتا و بەدواداچوون وەریدەگرێت، بە پشت بەستن بە پرۆگرام و سۆفت وێری تایبەت.
3. ئەنجامدانی توێژینەوە و شیکردنەوە و دیراساتی تەکنیکی و دیراساتی جەدوای ئەو پرۆژە و کارانەی کە بەڕێوەبرایەتی گشتی گواستنەوە بە نیازە ئەنجامی بدات، بە پشت بەستن بە پرۆگرام و سۆفت وێری تایبەت.
4. دیراسەت کردن و بەرز کردنەوەی ڕاو و بۆچوونی تەکنیکی و پێشنیار بۆ پێدانی ووزەی کارەبا بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ئاستی ( 33 ، 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی وێستگەکان و هێڵەکان.
5. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی ووردەکاری و ئەنجامی توێژینەوە و شیکردنەوە و دیراساتەکان و پێشنیارەکان بە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل.
6. پێشنیارکردنی پلانی ستراتیژی بۆ سێکتەری گواستنەوە.
7. پێشنیارکردنی پلانی ساڵانە و پلانی پێنج ساڵەی وەزارەت.

8. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان، لە ڕێگای بەڕێوەبەری پلان و بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر پلانی سێکتەری گواستنەوەی کارەبا.
9. ئامادەکردنی پلانی دابین کردنی بوودجە بۆ ئیش پێکردن و چاکردنەوەی پرۆژەکانی سێکتەری گواستنەوە و (مناقلات) بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.
10. پێشنیارکردنی شوێنی گونجاو لە ڕووی تەکنیکی یەوە بۆ وێستگەکان.
11. پێداچوونەوەی بەردەوام بە مواصفات و ستاندرات ی بەکارهاتوو لە بواری گواستنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار.

بەرپرسی بەشی توێژینەوە و پلانی ستراتیژی بەشێك لەکارەکانی لە ڕێگەی لیژنە هەمیشەیەکان ئەنجام دەدات، وەك لە خوارەوە هاتووە:

**ج. 1-1 لیژنەی دیراسات و لێکۆڵینەوە و دیزاین**

لە چەند کارمەندێك پێك دێت کە لە بەڕێوەبەراتیە جیاوازەکان کار دەکەن بە سەرۆکایەتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا یان بە سەرۆکایەتی ئەندازیارێکی خاوەن ئەزموون کە لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا کارەکان ئەنجام دەدەن، وە بە ئەندامیەتی هەر یەك لە سەرۆکی لیژنەکانی:
( PSSE, Power Quality, ASPEN, Mapping) وە بە ئەندامیەتی بەرپرسی بەشی توێژینەوە و پلانی ستراتیژی کە هەر خۆشی سکرتێری لیژنەی دیراسات و لێکۆڵینەوە و دیزاین ە .

لیژنەی دیراسات و لێکۆڵینەوە و دیزاین بە پشت بەستن بە داتای بەردەست و بە پشت بەستن بە تەکنۆلۆجیا و سۆفت وێر ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێبەجێ دەکات :

1. شیکردنەوەی داتا و دیراسەی بەردەوام دەکەن بۆ باشتر کردن و پەرەپێدانی حاڵەتی تۆڕی کارەبا لە ڕووی ئیشپێکردن و چارەسەر کردنی گرفتە هەنووکەیەکان وەکو اختناقات و کەم کردنەوەی ووزەی وونبو و زیادکردنی سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشەی ئۆڤەر لۆد و نزمی ئاستی ڤۆلتیە، یان هەر کێشەیەکی تری تۆڕی کارەبا وە پێشنیارکردنی گونجاوترین چارەسەر لە ڕووی تەکنیکی و تێچوو و ماوەی جێبەجێکردن، ئەنجامەکە بە ڕاپۆرت بەرز دەکرێتەوە.
2. پێشنیارکردنی ئەو پرۆژانەی سێکتەری گواستنەوە کە پێویستە بخرێتە پلانی نزیك و دووری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بە پشت بەستن بە دیراسەی پێویست و ئەنجامەکە بە ڕاپۆرت بەرز دەکرێتەوە.
3. دیراسەت کردنی هەر کەیسێك کە پێویست بە دیراسەت کردن بێت لە حاڵەتی پێویست و لەسەر داوای (بەڕێوەبەرایەتی هێڵەکان، بەڕێوەبەرایەتی وێستگەکان ، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان) لە ڕێگەی بەڕێوەبەری گشتیەوە و ئەنجامەکە بە ڕاپۆرت بەرز دەکرێتەوە.
4. ڕێکخستن و جێگیر کردنی داتای بەردەست لەسەر پرۆگرام و سۆفت وێرەکان و نوێکردنەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام.

5.ووردبینی و پێداچوونەوە بە کاری دیزاین لە کاتی پێویستدا.
6. ڕاپۆرتی ئەنجامی گشت دراسات و لێکۆڵینەوە و پێشنیارەکانی لیژنەی دراسات و لیکۆڵینەوە و دیزاین، لەڕێگای سەرۆکی لیژنە ئاراستەی هەریەك لە بەڕێوەبەری پلان و وێستگەکان و هێڵەکان دەکرێت پێش پەسندی بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە، بە مەبەستی ووردبینی و رادەربڕین و ئاگاداری.
7. دوابەدوای پەسند کردنی ڕاپۆرتەکان وێنەی کۆپی دەدرێت بە هەرسێ بەڕێوەبەراتی پلان و وێستگەکان و هێڵەکان.

## ج. 1-2 **لیژنەی** (PSS/E)

لیژنەی (PSS/E) یەکە لە لیژنە بەردەوامەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا، لیژنەکە لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا دەبێت، بە ئەندامیەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کۆنترۆڵ و پلاندانان و گواستنەوە.

ووشەی (PSS/E) کورت کراوەی ( POWER SYSTEM SIMULATION FOR ENGINEERING )ە، کە بریتیە لە پرۆگرامێکی سۆفت وێر دروست کراوی کۆمپانیای (SIEMENS )ی ئەڵمانیە، بەرنامەیەکی پێشکەوتووە بەکاردێت بۆ ڕێڕەو کردنی ووزەی کارەبای بەرهەمهاتوو (Power Flow) لە تۆری کارەبای هەرێم (132 & 400) کی ڤی، بە کەمترین ووزەی بە فیڕۆچوو.

ئەم لیژنەیە لە ساڵی (2015) دەست بەکاربوون دوای ئەوەی فەرمانی وەزاری پێدەرچوو بەناوی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تەکنیکی سیستەمی کارەبای هەرێم، ئامانج لە پێکهێنانی لیژنە و پرۆگرامی (PSS/E) دانانی پلانی ئیش پێکردنی یەکەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانە هەروەها پلانی چۆنیەتی گواستنەوەی بڕی ووزەی کارەبای بەرهەمهاتووە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی وە چارەسەر کردنی گرفتە هەنووکەیەکان وەکو چارەسەرکردنی کێشەی ئوڤەر لۆد و نزمی ئاستی ڤۆلتیە و چارەسەری اختناقات کەم کردنەوەی ووزەی وونبو، کە دەبێتە هۆی دابینکردنی تۆڕێکی کارەبای نیشتیمانی تۆکمە و سیستەمێکی جێگیر و سەقامگیر، کە ئەوەش ئامانجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبایە.

بەرنامەی (PSS/E) لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت بریتین لە لێکۆڵینەوە لە باری ئاسایی سیستەم (Steady State)، وە لێکۆلینەوە لە کاتی ڕودانی گرفتێکی تەکنیکی لە تۆری کارەبادا (Dynamic)، لە توانست(Feature)ی ئەم بەرنامەیە توانای لیکۆلینەوە و ئەنجامدانی زۆر کاری هەیە بۆ نمونە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو لێکۆلینەوانەی کە توانای ئەنجامدانی هەیە:

1- Power flow and related network functions.
2- Optimal power flow.
3- Balanced and unbalanced faults.
4- Network equivalent constructions.
5- Dynamic simulations.

**ئەرکەکانی لیژنەی ( PSS/E )**

ئەرکی لیژنەی ناوبراو بریتیە لە دراسەت کردن و لێکۆڵینەوە لە سیستەمی ووزەی کارەبای هەرێم، لە هەردوو بواری گواستنەوە و بەرهەمهێنان بۆ دارشتنی پلانی ستراتیجی وەزارەتی کارەبا، وە دانانی پلانی درێژ خایەن و پلانی هەنووکەیی وە پلانی ئیش پێکردنی یەکەی وێستگەکانی بەرهەم هێنان بۆ وەرزێکی دیاری کراوی ساڵ، بە هەماهەنگی و بەشداربوونی لایەنی پەیوەندیدار لە کۆبوونەوە و لێکۆڵینەوەکان وە بە پشت بەستن بە داتا و زانیاری وەرگیراو لە سێکتەری تایبەت مەند.

دیراسەت کردنی هەر کەیسێك کە پێویست بە دیراسەت کردن بێت لە حاڵەتی پێویست و لەسەر داوای (سێکتەرە جیا جیاکانی وەزارەتی کارەبا) لە رێگەی بەرێوەبەری گشتیەوە، هەروەها دراسەت کردن و دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆ گواستنەوەی ووزەی کارەبا لە تۆڕەکانی گواستنەوەی کارەبای هەرێم، پێش ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکان بە شێوەی کرداری، پێویستە ئەگەرەکان دیراسەت بکرێت، بە بەکارهێنانی بەرنامەی سۆفت وێری (PSS/E)، وە بەپێ ی زانیاریەکانی تۆڕی گواستنەوەی کارەبای هەرێم کە لە بەرنامەی ناوبراو جێگیر کراوە، لە رێگای خاڵەکانی توانیستی پرۆگرامی (PSS/E) کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ دراوە (Simulation) ئەنجام دەدرێت، دواتر ئەنجامەکان تۆمار دەکرێت، ئینجا لە رێگای بەدەست هاتنی چەند رێگە چارەیەك لیژنەکە راسپاردە پێشنیار دەکات بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین رێگەچارە لە رووی تەکنیکی و تێچوو و ماوەی جێبەجێکردن بۆ چارەسەری کێشەکان، لێکۆڵینەوەکان بە راپۆرت بەرز دەکرێنەوە، دواتر وێنەی کۆپی لە راپۆرت دەدرێت بە لایەنەکانی تری پەیوەندیدار لە وەزارەت وە بەرێوەبەرایەتییەکانی (پلان، وێستگەکان و هێڵەکان) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا.

## ج. 3-1 لیژنەی (Power Quality)

ژمارەی ئەندامانی لیژنەی (Power Quality) پێك دێت لە دە ئەندام کە لە ژێر سەرپەرشتی بەرێز بەرێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا دەبێت، بە ئەندامیەتی کارمەندانی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شارەکان لە گشت سێکتەرە جیا جیاکانی کارەبا. ئامانج لە پێکهێنانی لیژنەی (Power Quality) وەك ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا کە بریتیە لە دابینکردنی تۆڕێکی کارەبای نیشتیمانی تۆکمە و سیستەمێکی جێگیر و سەقامگیر و بەردەوام کە بتوانێت ئەو برە کارەبایەی کە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت بگوازێتەوە بە باشترین کوالیتی و بە کەمترین وون بوون وە دڵنیا بوون لەگەیشتنی بۆ هاولاتیان و بەکارهێنەران لە رێگەی وێستگەکانی گۆڕینی کارەبا بە بەرزترین

تایبەتمەندی (مواصفاتی) جیهانی، لە ڕێگای کارکردن لەسەر چاککردنی جۆریەتی ووزە (Power Quality)، بۆ وزەی گواستراوەی ناو تۆڕەکانی کارەبای هەرێم، هەروەها کەمکردنەوەی وزەی بەفیڕۆ چوو بۆ کەمترین ئاستی ڕێگە پێدراو وەك لە ستانداردی جیهانی (IEEE, IEC)دا هاتووە.

بەهۆی زۆری بار (Load)ی کارەبا و جۆری لۆد کە زیاتر (Inductive)ن کاریگەری نەرێنی دروست دەکەن لەسەر تۆری کارەبای هەرێم، وەك ئەو کارگانەی کە بزوێنەر و ماتۆری قەبارە گەورە بەکاردێنن، هەروەها کارگەکانی توانەوەی ئاسن کە جۆری لۆدەکانیان بریتیە لە ( Arc Furnace , Induction Furnace)، کاریگەری زۆر نەرینی دەکەنە سەر (Power Quality).

ماوەی پێشنیار کراو بۆ گەشتن بە ئامانجی ئاماژە پێدراو لە سەرەوە بۆ ئەو کارگە و پرۆژانەی کە ئێستا لە ئیشدان بریتیە لە (2) ساڵ لە دوای دەست بەکاربوونی لیژنەی ناوبراو لە کانوونی دووەم ساڵی 2019، وە بەردەوام بوون بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە داهاتوو دروست دەکرێن لە ڕێگای دانانی مەرج و ستاندەراتی پێویست سەبارەت بە جۆر و تایبەتمەندی ئەو ئامێرانەی کە بە نیازن لە کارگەکان بەکاری بێنن، هەروەها لە ڕێگای پێدانی ڕێکار و ڕێنمای پەیرەو کراو بۆ ئەو ئامێرانەی کە پێویستە بە کار بهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئاستی ڕێپێدراو لە کاریگەری هەر پرۆژەیەك لەسەر (Power Quality) لە تۆری کارەبا بەپێ ی ستاندەراتی جیهانی کە بریتیە لە (IEEE,IEC).

ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەری نەرێنی دروست دەکەن لەسەر تۆری کارەبا بریتین لە:

1. Harmonics
2. Flicker
3. Voltage Sag
4. Voltage Swell
5. Power factor

## ئەرکەکانی لیژنەی ( Power Quality )

ئەرکی لیژنەی ناوبراو بریتیە لە سەردان و رووپێو کردنی ئەو کارگە پیشەسازیانەی کە باریان زۆرە وە ئەگەری دروست کردنی کێشەیان لێدەکرێت بۆ تۆری کارەبای هەرێم لە ڕێگای دروست کردنی ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، لیژنەکە هەڵدەستێت بە بەستنی ئامێری ( Power Quality Analyzer) لەناو کارگەکان وە مانەوەی ئامێرەکان بەپێی پێویستی شوێنەکە بۆ تۆمارکردنی زانیاری و داتاکان، وە دواتر شیکردنەوەیان لەلایەن لیژنەی (Power Quality) بەمەبەستی ئامادەکردن و بەرز کردنەوەی ڕاپۆرتی پێویست بۆ دەست نیشانکردنی کێشەکان وە دیاری کردنی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان، وە دواتر پێدانی وێنەی کۆپی لە ڕاپۆرت بۆ لایەنەکانی تری پەیوەندیدار لە وەزارەت و بەڕێوەبەراتیەکانی (پلان، وێستگەکان و هێڵەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا.

## ج. 1-4 لیژنەی (ASPEN)

لیژنەی (ASPEN) یەکە لە لیژنە بەردەوامەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا، ژمارەی ئەندامانی لیژنەی (ASPEN) پێك دێت لە دە ئەندام کە لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا دەبێت، بە ئەندامیەتی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شارەکان لە سێکتەری وێستگەکان هەروەها بە ئەندامیەتی نوێنەری کۆنترۆڵ و پلاندانان و هێڵەکان.

ووشەی (ASPEN) کورت کراوەی ( ADVANCED SYSTEM FOR POWER ENGINEERING)ە، کە بریتیە لە پرۆگرامێکی سۆفت وێر دروست کراوی ولاتی ( USA )یە، کە بەرنامەیەکی پێشکەوتووە بەکاردێت بۆ پاراستن (Protection)ی تۆری کارەبا لە ئەگەری روودانی شۆرت سێرکت لە تۆری کارەبای هەرێم، لە رێگای پرۆگرامسازی پێویست بۆ ریلەی (Relay) بەکارهاتوو لە تۆری کارەبا.

ئامانج لە پێکهێنانی لێژنە و پرۆگرامی (ASPEN) وەك یاریدەدەرێکە بۆ ئەندازیاری وێستگەکان کە لە بواری (Protection) کاردەکەن، بۆ پرۆگرامکردنی ریلەیەکانی تۆری کارەبا، کە بەشێوەی گونجاو کاری خۆی ئەنجام بدات لە پاراستنی تۆری کارەبا لە کاتی روودانی هەر رووداو و هەڵەیەك، ئەنجامدانی ئەم پرۆگرامسازیە لە ماوەیەکی زۆر کەم دەستەبەر دەبێ وە بەشێوەیەکی زۆر وورد ئامانج دەپێکێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابینکردنی تۆڕێکی کارەبای نیشتیمانی تۆکمە و سیستەمێکی جێگیر و سەقامگیر، کە ئەوەش ئامانجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبایە.

لە توانست(Feature)ی ئەم بەرنامەیە توانای بەستن و وەرگرتن و پێدانی زانیاری و داتای هەیە لەگەڵ بەرنامەکانی تر وەك ( ...PSS/E, PTI, Electrocon)، هەروەها توانای ئەنجامدانی زۆر کاری هەیە بۆ نمونە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو کارانەی کە توانای ئەنجامدانی هەیە:

1- Accurate short circuit modelling of power system network.
2- Can simulate bus faults, faults on a line, Phase-open faults and simultaneous faults.
3- Detailed modelling of over current and distance relays operation in faults.
4- Have tools for users to expand relay curve library and create new distance relay algorithms.
5- Comes with script programs for fault location and end-to- end testing.
6- Can simulate short circuit in bath mode.

## ئەركەكانی لیژنەی ( ASPEN )

ئەركی لیژنەی ناوبراو بریتی دەبێت لە سەردان و رووپێو كردنی وێستگەكان و هێڵەكانی گواستنەوە و دابەشكردنی كارەبا، بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاری پێویست بۆ پرۆگرام كردنی ریلەیەكانی ناو وێستگەكان بەپێ ی جۆر و درێژی هێڵەكانی ناو تۆری كارەبای هەرێم، لە رێگای خاڵەكانی توانیستی پرۆگرامی (ASPEN) كەلەسەرەوە ئاماژەی پێ كراوە، لیژنەكە هەڵدەستێت بەئامادەكردن و بەرزكردنەوەی راپۆرتی پێویست بۆ دەست نیشان كردنی كێشەكان، دیاریكردنی رێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەری كێشەكان، وەدواتر پێدانی وێنەی كۆپی لە راپۆرت بۆ لایەنەكانی تری پەیوەندیدار لە وەزارەت وە بەرێوەبەرایەتییەكانی (پلان، وێستگەكان و هێڵەكان) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی كارەبا.

## ج. 1-5 لیژنەی (Mapping)

لیژنەی (Mapping) یەكە لە لیژنە بەردەوامەكانی بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی كارەبا، ئەندامانی لیژنەی (Mapping) لە ژێر سەرپەرشتی بەرێز بەرێوەبەری گشتی گواستنەوەی كارەبا دەبێت، بە ئەندامیەتی كارمەندانی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەكانی شارەكان لە سێكتەری وێستگەكان و هێڵەكان وە بەئەندامیەتی پلاندانان.

ئامانج لە پێكهێنانی لیژنە (Mapping)، دەستە بەر كردنی داتا و زانیاریەكانی سێكتەری گواستنەوەیە لە وێستگەكان و هێڵەكان، لە رێگای بەكارهێنانی بەرنامەی (GIS) كە بەرنامەیەكی تایبەتە بۆ جێگیر كردنی شوێنی راستەقینەی وێستگە و رێرەوی تاوەرەكان و هێڵەكانی گواستنەوە و دابەشكردنی كارەبا، بە بەكارهێنانی نەخشەی هەرێم دەكرێت زانیاری تایبەت بەهەر خاڵێك لەسەر جێگیر بكرێت و بنەخشێنرێت، بەردەست بوونی ئەم زانیاریانە بەشێوەیەكی خێرا و ووردبین، سوودی زۆر دەبێ بۆ بەرنامەكانی تر بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی راست و دروست بەدەست بهێنن، وەك بەرنامەی (PSS/E, ASPEN...).

لە توانست(Feature)ی ئەم بەرنامەیە دیاری كردنی رێرەوی هێڵەكانی گواستنەوە و دابەشكردن لەگەڵ شوێنی وێستگەكان لەسەر نەخشەی هەرێم بەشێوەی وێنەی راستەقینەی سێ دووری (مجسم) (X Y Z) یان بەشێوەی (X Y ) هەروەها توانای جێگیر كردنی زانیاریەكانی هەیە بە شێوەی فرە چین (Layers) بەپێ ی جۆر و تایبەتمەندی داتاكان، واتە توانای رێكخستن و پۆلین كردن و هەڵگرتنی زانیاریەكانی هەیە وە دواتر بەشێوەیەكی ئاسان زانیاریەكان دەستەبەردەكات، كە ئەوەش سوودی زۆری دەبێت بۆ پلانی ئەنجامدانی پرۆژەكان لە دوارۆژ.

## ئەرکەکانی لیژنەی (Mapping )

ئەرکی لێژنەی ناوبراو بریتی دەبێت لە سەردان و رووپێو کردنی وێستگەکان و هێڵەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر رێڕەو و جۆر و درێژی هێڵەکانی ناو تۆری کارەبای هەرێم هەروەها زانیاری وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن، لە رێگای خاڵەکانی توانیستی پرۆگرامی (Mapping) کەلەسەرەوە ئاماژەی پیێ کراوە، لێژنەکە هەڵدەستێت بە جێگیر کردنی ئەم داتا و زانیاریانە لە سەر نەخشەی هەرێم لە رێگای بەرنامەی (GIS) ، وەدواتر پێدانی وێنەی کۆپی لە نەخشەی ئامادەکراو بۆ لایەنەکانی تری پەیوەندیدار لە وەزارەت وە بەرێوەبەرایەتییەکانی (پلان، وێستگەکان و هێڵەکان) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا.

## ج.2- بەشی داتا و GIS و بەدواداچوون

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری کارەبا بەڕێوەدەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری GIS و بەدواداچوون و ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات :**

1. کۆکردنەوەی داتای پێویست و پەیوەنددار بە تۆڕی گواستنەوەی کارەبا و خستنە سەر داتا بەیس و جێگیر کردنی لە بەرنامەی GIS و نوێکردنەوەی ئەو داتایە بە شێوەیەکی بەردەوام.
2. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان، لە ڕێگای بەڕێوەبەری پلان و بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و ووردەکاری داتای تۆڕی کارەبا، وە ئەو پلانەی کە لە لایەن ئەوانەوە دانراوە بەمەستی ئامادەکردنی هێڵە گشتیەکانی پلانی وەزارەت لە سێکتەری گواستنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.
3. بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی گشتی بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە و پلانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان و ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆڕتی دەوری تایبەت بە قۆناغەکانی جێبەجێکردن.
4. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانە لە سەر پرۆژەکان لە ڕووی تەکنیکی و ڕێژەی جێبەجێکردن و کێشەکانی پرۆژە و خاڵە ئەرێنی و نەرێنی پرۆژەکان و بەرزکردنەوەی.
5. تۆمارکردن و بەداتاکردن و نوێکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنی تەکنیکی و دارایی و بانکی پرۆژەکان بە ڕاپۆڕتێك و بەرز کردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانە بە ڕاپۆڕت.
6. ئەنجامدانی ئاماری پێویست لە بواری تۆڕی گواستنەوە.
7. پێداچوونەوەی بەردەوام بە مواصفات و ستاندرات ی بەکارهاتوو لە بواری گواستنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار (وێستگەکان و هێڵەکان) هەروەها پاڵپشت بە ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری پرۆژەکان کە لە کۆتایی هەر پرۆژەیەك پێویستە پێشکەشی بکەن بەو کەم و کوریانەی کە لە تەندەری پرۆژەکەدا هەیە.
8. ئەنجامدانی هەر کارێکی بەدواداچوون کە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی یەوە داوا بکرێت.
9. بەدواداچوون و ووردبینی کردن لە ڕاپۆرتی مانگانەی کۆنترۆڵی شارەکان و کۆنترۆڵی هەرێم بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانی ئیشپێکردن و کاری ڕۆژانەی وێستگەکان و هێڵەکانی گواستنەوە، ناردنی بۆ بەشی توێژینەوە و پلانی ستراتیجی بەمەبەستی دراسەکردنی کێشەکان وە دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆیان.
10. بەدواداچوون و ووردبینی کردن لە نەخشەی تۆری کارەبای هەرێم لە ئاستی ( 132 ، 400 ) کیلۆ ڤۆڵت وە هەروەها سەرپەشتی و بەدواداچوون بۆ ئامادەکردنی نەخشەی تۆری کارەبای شارەکان لە ئاستی ( 33 ) کیلۆ ڤۆڵت.

**ج.3- بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی هێڵەکان و وێستگەکان**

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشكەوتوو ) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بكالۆریۆس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری كارەبا بەڕێوەدەبرێت كە لایەنی كەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری مەشق و ڕاهێنان و پەرەپێدان و ئەم ئەركانەی خوارەوە جێ بەجێ دەكات :**

1. دۆزینەوەی هەلی ڕاهێنان و پەرەپێدان بۆ كارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە لە ڕێگەی وەزارەت یا لە ڕێگای ئۆرگانەكانی حكومەتی هەرێم یا لە ڕێگەی ڕێكخراوەكان و كۆمپانیاكان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندان .
2. دانانی پلانی مەشق و ڕاهێنانی پێویست بۆ كارمەندانی سێكتەری گواستنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار.
3. ڕێكخستنی خولی ڕاهێنان بۆ كارمەندانی سێكتەری گواستنەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.
4. وەدەست هێنانی بەرنامە و پرۆگرامی خول و دابەشكردنی بەسەر بەشداربوان بەر لە دەست پێكردنی خولەكە.
5. فەراهەم كردنی پێداویستیەكانی خولی ڕاهێنان و دابەشكردنی بەسەر بەشداربوان.
6. بەدواداچوونی كاروباری بەشداربوان بەر لە دەست پێكردنی خول، وە لە كاتی بەڕێوەچوونی خولەكان.
7. ڕێكخستنی پێشكەشكردنی وانە (محاضرة ) لەلایەن بەشداربوان دوای تەواو بوونی هەر خولێك.
8. بە دۆسیە كردنی ڕاپۆرتی كۆتایی هەر خولێك دوای تەواو بوونی.
9. ئامادەكردن و پڕكردنەوەی فۆرمی هەڵسەنگاندن ی خولی ڕاهێنان لە لایەن بەشداربوانەوە.
10. دیراسەتكردنی فۆرمی هەڵسەنگاندنی بەشداربوان و تقییم كردنی ئاستی هەر خولێك بەڕاپۆرتێك و بەرزكردنەوەی بە كۆمێنت و تێبینی و پێشنیار، بۆ بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە لە ڕێگای بەڕێوەبەری پلان.
11. بە داتاكردنی زانیاری پلانی ڕاهێنان و ئاماری ڕاهێنان و ڕێكخستنی لە دۆسیەی تایبەت.
12. فەراهەم كردنی نامیلكە و (كراس ) و ( ملزمە) ی تایبەت بە ڕێنمایی و ڕێكارەكانی ئیشپێكردن و چاكردنەوەی تۆڕی كارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار.

## د- بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی وێستگەکان

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (س .ئەندازیاران) یان بەسەرەوە بەڕێوە دەبرێت کە لایەنی کەم ( 15 ) ساڵ شارەزای هەبێت وەکو ئەندازیار لە بواری وێستگەکان و ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێ بەجێ دەکات:-**

1. ئامادەکردنی تایبەتمەندی (مواصفاتی) تەکنیکی و مەرجە تەکنیکیەکان بۆ پڕۆژەکانی وێستگەکان.
2. ئامادەکردنی درافتی تەندەرەکانی سێکتەری وێستگەکان.
3. ئامادەکردنی دەرخستە (جدول کمیات) ی خەملێنراو بۆ پڕۆژەکانی وێستگەکان.
4. شیکردنەوەی ئۆفەرەکانی بواری وێستگەکان.
5. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکانی بواری وێستگەکان لە جۆری GIS و AIS و مۆبایل و سەرپەرشتی کارە کارەباییەکانی پڕۆژە.
6. سەرپەرشتی کارە شارستانیەکانی پڕۆژەکانی وێستگەکان لە ڕێگەی بەشی ئەندازەی شارستانی.
7. سەرپەرشتی تێست کردنی وێستگەکان بەر لەوەی بکەونە کارکردن.
8. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان، لەڕێگای بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر کێشە تەکنیکیەکانی وێستگەکان وە پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بواری چاککردن و ئیشپێکردنی وێستگەکان.
9. کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بواری پشکنین و سیستمی پاراستن Protection ی وێستگەکان.
10. کۆنترۆڵ کردنی جۆر و کوالیتی پێکهاتەی وێستگەکان.
11. هەلسەنگاندنی تەکنیکی ئەو کەرەستە و ئامێر و کەل وپەل و بەرهەمهێنراوانەی بواری وێستگەکان و پشکنینی کارگەکان، بەر لەوەی بخرێنە ڤێندەر لیستی وەزارەت.
12. ئەنجامدانی تێستی کارگە و تێستی ڕۆتینی و تێستی موقعی بۆ کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەکانی بەکار هاتوو لە پڕۆژەکانی بواری وێستگەکان.
13. ئەنجامدانی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی و ئامادەکردنی پێوانەی کۆتایی پڕۆژەکانی بواری وێستگەکان.
14. پێدانی بەڵگەنامەی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی پڕۆژەکانی بواری وێستگەکان.
15. کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی بە وەبەرهێنەر و کەرتی وەبەرهێنان.
16. پێدانی تایبەتمەندی (مواصفات) و مەرجە تەکنیکیەکان و سەرپەرشتیکردنی ئەو کار و پڕۆژانەی کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن و لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت لە بواری وێستگەکان.

17. بەدواداچوونی پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی سەلامەتی پیشەسازی و ڕێکخستنی لە بواری وێستگەکاندا.
18. ووردبینی تەواوی دەرخستەکانی تایبەت بە وێستگەکان، کە هاتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان، وە پێدانی ڕای تەکنیکی و پێشنیار لەسەر بابەتی ئاماژە پێدراو.
19. سەرپەرشتیکردنی بنیاتنانی ئەو وێستگانەی کە لە لایەن وەبەرهێنەر یان هەر لایەنێکی تری دەرەوەی وەزارەتەوە، کەرتی تایبەت بێت یا گشتی، بنیات دەنرێت و دەبەسترێتەوە بە تۆڕی گواستنەوە، جا وێستگەکە بۆ وەزارەت بێت یاخود تایبەت بێت.
20. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو بەشانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی وێستگەکانە.

**د.1- بەشی سەرپەرشتی پرۆژەکانی وێستگەکان**

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو ) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بکلوریوس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری کارەبا بەڕێوەدەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری سەرپەرشتی پرۆژەکانی وێستگەکان وئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات :**

1. بەشداریکردن لە شیکردنەوەی تەکنیکی ئۆفەرەکانی سێکتەری وێستگەکان.
2. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی وێستگەکان لە جۆری GIS و AIS و مۆبایل و سەرپەرشتی کارە کارەباییەکانی پرۆژە.
3. سەرپەرشتیکردنی بنیاتنانی ئەو وێستگانەی کە لە لایەن وەبەرهێنەر یان هەر لایەنێکی تری دەرەوەی وەزارەتەوە، کەرتی تایبەت بێت یا گشتی ، بنیات دەنرێت و دەبەسترێتەوە بە تۆڕی گواستنەوە ، جا وێستگەکە بۆ وەزارەت بێت یاخود تایبەت بێت.
4. ئەنجامدانی تێستی کارگە و تێستی ڕۆتینی و تێستی موقعی بۆ کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەکانی بەکار هاتوو لە پرۆژەکانی سێکتەری وێستگەکان.
5. وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی و ئامادەکردنی پێوانەی کۆتایی پرۆژەکانی سێکتەری وێستگەکان.
6. سەرپەرشتی تێست کردنی وێستگەکان بەر لەوەی بکەونە کارکردن.
7. واژۆکردنی بەڵگەنامەی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی پرۆژەکانی سێکتەری وێستگەکان.
8. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی هەفتانەی تێر و تەسەل لەسەر پرۆژەکانی سێکتەری وێستگەکان، وە پێدانی کۆپی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری پلان.

9. ئامادەبوونی کۆبوونەوەی دەوری و لەناکاو لەگەڵ بەڵێندەر و لایەنی پەیوەندار بە پرۆژەکانی وێستگەکان و نووسین و بەرز کردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوە.

10. هەماهەنگی تەواو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان و بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پلان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان وە لایەنە پەیوەندارەکانی تر.

11. جگە لەم خاڵانەی سەروە بەشی سەرپەرشتی پرۆژەکانی وێستگەکان لە ڕێگای ئەندازیاری شارستانی بەرپرسە لەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- وەرگرتنی کۆردینەیشن ی زەوی دیاری کراو بۆ شوێنی وێستگە و تەواوی داتای ڕووپێوی پێویست.

ب- جێگیر کردنی کۆردینەیشن و تەواوی داتای ڕووپێوی بۆ سەر نەخشە.

ت- ئامادە کردنی نووسراوی ڕەزامەندی لەسەر شوێنی وێستگە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان.

پ- بەدواداچوون و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر شوێنی وێستگە.

ج- ووردبینی و پێدانی ڕاو سەرنج و کۆمێنت و ڕەزامەندی لەسەر دیزاین و نەخشەی و ووردەکاری کاری شارستانی بنیاتنانی وێستگەکان.

ح- سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی گشت برگەکانی کاری شارستانی بنیاتنانی وێستگەکان لەگەڵ گشت ووردەکاری کاری شارستانی بەو شێوەیەی کە لە گرێبەستدا هاتووە و ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

## د.2- بەشی تەکنیك و ڕاوێژکاری وێستگەکان

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو ) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بکلوریوس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری کارەبا بەڕێوەدەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری وێستگەکان و ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات :**

1. ئامادەکردنی تایبەتمەندی (مواصفاتی) تەکنیکی و مەرجە تەکنیکیەکان بۆ پرۆژەکانی وێستگەکان.
2. ئامادەکردنی دەرخستە و جدول کمیات ی خەملێنراو بۆ پرۆژەکانی وێستگەکان.
3. بەشداریکردن لە شیکردنەوەی تەکنیکی ئۆفەرەکانی بواری وێستگەکان.
4. چاودێری کردنی تێست کردنی وێستگەکان بەر لەوەی بکەونە کارکردن.

5. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان لەڕێگای بەڕێوەبەری تەکنیکی هێڵەکان و بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر کێشە تەکنیکیەکانی وێستگەکان وە پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بواری چاککردنەوە و ئیشپێکردنی وێستگەکان.

6. کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بواری پشکنین و سیستمی پاراستن Protection ی وێستگەکان.

7. کۆنترۆڵ کردنی جۆر و کوالیتی پێکهاتەی وێستگەکان.

8. بەشدار بوون لە هەڵسەنگاندنی تەکنیکی ئەو کەرەستە و ئامێر و کەل وپەل و بەرهەمهێنراوانەی بواری وێستگەکان، بەر لەوەی بخرێنە ڤێندەر لیستی وەزارەت.

9. کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی بە وەبەرهێنەر و کەرتی وەبەرهێنان و لایەنەکانی تر.

10. پێدانی تایبەتمەندی (مواصفات) و مەرجە تەکنیکیەکان و سەرپەرشتیکردنی ئەو کار و پرۆژانەی سێکتەری وێستگەکان کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن و لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت ، کەرتی تایبەت بێت یا گشتی.

11. ووردبینی تەواوی دەرخستەکانی تایبەت بە وێستگەکان، کە هاتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان، وە پێدانی ڕای تەکنیکی و پێشنیار لەسەر بابەتی ئاماژە پێدراو.

## ٥- بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی هێڵەکان

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (س .ئەندازیاران) یان بەسەرەوە بەڕێوە دەبرێت کە لایەنی کەم ( 15 ) ساڵ شارەزای هەبێت وەکو ئەندازیار لە بواری هێڵەکان و ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێ بەجێ دەکات:-**

1. ئامادەکردنی تایبەتمەندی (مواصفاتی) تەکنیکی و مەرجە تەکنیکیەکان بۆ پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
2. ئامادەکردنی درافتی تەندەرەکانی سێکتەری هێڵەکان.
3. ئامادەکردنی دەرخستە (جدول کمیات) ی خەملێنراو بۆ پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
4. شیکردنەوەی ئۆفەرەکانی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
5. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
6. کۆنترۆڵ کردن و ووردبینی پێداویستیە تەکنیکیەکانی کار و پرۆژەکانی گواستنەوە بە بەکار هێنانی پرۆگرام و سۆفت وێر.
7. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان، لەرێگای بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر کێشە تەکنیکیەکانی هێڵەکان وە کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بواری چاکردنی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
8. کۆنترۆڵ کردنی جۆر و کوالیتی پێکهاتەی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
9. هەڵسەنگاندنی تەکنیکی ئەو کەرەستە و ئامێر و کەل وپەل و بەرهەمهێنراوانەی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی و پشکنینی کارگەکان بەر لەوەی بخرێنە ڤێندەر لیستی وەزارەت.
10. ئەنجامدانی تێستی کارگە و تێستی ڕۆتینی و تێستی موقعی بۆ کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەکانی بەکار هاتوو لە پرۆژەکانی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
11. ئەنجامدانی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی و ئامادەکردنی پێوانەی کۆتایی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
12. پێدانی بەڵگەنامەی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوە هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
13. کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی بە وەبەرهێنەر و کەرتی وەبەرهێنان.

14. پێدانی تایبەتمەندی (مواصفات) و مەرجە تەکنیکیەکانی ئەو کار و پرۆژانەی سێکتەری گواستنەوەی کارەبا کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن و لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت.

15. سەرپەرشتیکردنی تەکنیکی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن و لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت.

16. سەرپەرشتیکردنی بنیاتنانی ئەو هێڵانەی کە لە لایەن وەبەرهێنەر یان هەر لایەنێکی تری دەرەوەی وەزارەتەوە، لە کەرتی تایبەت بێت یا گشتی، کە بنیات دەنرێت و دەبەسترێتەوە بە تۆڕی گواستنەوە، جا ئەو هێڵانە بۆ وەزارەت بێت یاخود تایبەت بێت.

17. سەرپەرشتیکردنی تەکنیکی ئەو پرۆژانەی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن و لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت.

18. ووردبینی تەواوی دەرخستەکانی تایبەت بە پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی، کە هاتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان وە پێدانی ڕای تەکنیکی لەسەر بابەتی ئاماژە پێدراو.

19. بەدواداچوونی پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی سەلامەتی پیشەسازی و ڕێکخستنی لە بواری هێڵەکاندا.

20. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو بەشانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی هێڵەکانە.

## ھ.1- بەشی سەرپەرشتی پرۆژەکانی هێڵە هەوائیەکان و کێبڵی ژێر زەوی

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بکلوریوس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری کارەبا بەڕێوەدەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە بواری سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و کێبڵی ژێر زەوی و ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات :**

### ھ 1.1 - سەرپەرشتی پرۆژەکانی هێڵە هەوائیەکان

1. بەشداریکردن لە شیکردنەوەی تەکنیکی ئۆفەرەکانی سێکتەری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی.
2. سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی.
3. سەرپەرشتی کارە کارەبایی و میکانیکی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی.
4. ووردبینی کردنی گشت وردەکاریە تەکنیکیەکانی پرۆژەکان بە بەکارهێنانی پرۆگرام و سۆفت وێر.

5. ئەنجامدانی تێستی کارگە و تێستی ڕۆتینی و تێستی موقعی بۆ کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەکانی بەکار هاتوو لە پرۆژەکانی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی.
6. وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی و ئامادەکردنی پێوانەی کۆتایی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی.
7. واژۆکردنی بەڵگەنامەی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی پرۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوە هەوائی.
8. سەرپەرشتیکردنی تەکنیکی ئەو پڕۆژانەی کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن کە لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت لە بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی.
9. سەرپەرشتیکردنی بنیاتنانی ئەو هێڵانەی گواستنەوەی هەوائی کە لە لایەن وەبەرهێنەر یان هەر لایەنێکی تری دەرەوەی وەزارەتەوە، کەرتی تایبەت بێت یا گشتی، بنیات دەنرێت و دەبەسترێتەوە بە تۆڕی گواستنەوە، جا هێڵەکە بۆ وەزارەت بێت یاخود نا.
10. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی هەفتانەی تێر و تەسەل لەسەر پرۆژەکانی سێکتەری هێڵەکان، وە پێدانی وێنەی کۆپی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری پلان.
11. ئامادەبوونی کۆبوونەوەی دەوری و لەناکاو لەگەڵ بەڵێندەر و لایەنی پەیوەندار بە پرۆژەکانی هێڵەکان و نووسین و بەرز کردنەوەی کۆنووسی کۆبوونەوە.
12. هەماهەنگی تەواو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان و بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پلان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان وە لایەنە پەیوەندارەکانی تر.

## ه 1 . 2- سەرپەرشتی پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی

1. سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی سێکتەری هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
2. سەرپەرشتی کارە کارەبایی و میکانیکی پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
3. بەشدار بوون لە ئەنجامدانی تێستی کارگە و تێستی ڕۆتینی و تێستی موقعی بۆ کەرەستە و کەل و پەل و ئامێرەکانی بەکار هاتوو لە پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
4. وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی و ئامادەکردنی پێوانەی کۆتایی پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
5. واژۆکردنی بەڵگەنامەی وەرگرتنی سەرەتایی و وەرگرتنی کۆتایی پرۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
6. سەرپەرشتیکردنی تەکنیکی ئەو پڕۆژانەی کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن کە لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت لە بواری هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.

7. سەرپەرشتیکردنی بنیاتنانی ئەو هێلانەی کێبلی ژێر زەوی کە لە لایەن وەبەرهێنەر یان هەر لایەنێکی تری دەرەوەی وەزارەتەوە، کەرتی تایبەت بێت یا گشتی، بنیات دەنرێت و دەبەسترێتەوە بە تۆڕی گواستنەوە، جا هێڵەکە بۆ وەزارەت بێت یاخود بۆ کەرتی تایبەت بێت.

8. بەرزکردنەوەی راپۆرتی هەفتانەی تێر و تەسەل لەسەر پرۆژەکانی سێکتەری هێڵەکانی کێبلی ژێر زەوی، وە پێدانی وێنەی کۆپی راپۆرت بۆ بەڕێوەبەری پلان.

9. ئامادەبوونی کۆبوونەوەی دەوری و لەناکاو لەگەڵ بەڵێندەر و لایەنی پەیوەندار بە پرۆژەکان.

10. هەماهەنگی تەواو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان و بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پلان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان وە لایەنە پەیوەندارەکانی تر.

**هـ 1. 3- جگە لەم خاڵانەی سەروە بەشی سەرپەرشتی پرۆژەکانی هێڵە هەوائیەکان و کێبلی ژێر زەوی لە ڕێگای ئەندازیاری شارستانی یا ئەندازیاری رووپێو بەرپرسە لەم خاڵانەی خوارەوە:**

أ- وەرگرتنی کۆردینەیشن ی ڕێڕەوی پێشنیارکراوی هێڵەکان و تەواوی داتای ڕووپێوی پێویست.

ب- جێگیر کردنی کۆردینەیشن و تەواوی داتای رووپێوی بۆ سەر نەخشە.

ت- ئامادە کردنی نووسراوی ڕەزامەندی لەسەر ڕێڕەوی هێڵەکان بۆ لایەنە پەیوەندارەکان.

پ- بەدواداچوون و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر ڕێڕەوی هێڵەکان.

ج- ووردبینی و پێدانی ڕاو سەرنج و کۆمێنت و ڕەزامەندی لەسەر دیزاین و نەخشەی و ووردەکاری کاری شارستانی هێڵەکان.

ح- سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی گشت برگەکانی کاری شارستانی پرۆژەکانی هێڵەکان وە گشت ووردەکاری کاری شارستانی بەو شێوەیەی کە لە گرێبەستدا هاتووە و ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

خ- بەشداربوون لە تایپ تێستی تاوەر، وە بەشدار بوون لە سامپڵ تێست و ڕۆتین تێستی کەرەستەی بەکار هاتوو لە پێکهاتەی هێڵەکان.

## ھ.2- بەشی تەکنیك و ڕاوێژکاری هێڵەکان

**لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناوونیشانی (ئەندازیاری پێشکەوتوو ) یان بەسەرەوە هەڵگری بڕوانامەی بکلوریوس یان بەسەرەوە لە ئەندازیاری کارەبا بەڕێوەدەبرێت کە لایەنی کەم ( 10 ) ساڵ شارەزایی هەبێت لە هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و کێبڵی ژێر زەوی و ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات :**

1. ئامادەکردنی تایبەتمەندی (مواصفاتي) تەکنیکی و مەرجە تەکنیکیەکان بۆ پڕۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پڕۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
2. ئامادەکردنی دەرختە (جدول كميات) ی خەملێنراو بۆ پڕۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و پڕۆژەکانی هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
3. بەشداریکردن لە شیکردنەوەی تەکنیکی ئۆفەرەکانی سێکتەری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
4. پەیوەندیکردن و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای شارەکان لەرێگای بەڕێوەبەری تەکنیکی هێڵەکان و بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر کێشە تەکنیکیەکانی هێڵەکان وە کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی لە بواری چاککردنی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
5. کۆنترۆڵ کردنی جۆر و کوالیتی پێکهاتەی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی.
6. چاودێری کردنی تێست کردنی هێڵەکان بەر لەوەی بکەونە کارکردن.
7. بەشدار بوون لە هەڵسەنگاندنی تەکنیکی ئەو کەرەستە و ئامێر و کەل وپەل و بەرهەمهێنراوانەی بواری هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی، بەر لەوەی بخرێنە ڤێندەر لیستی وەزارەت.
8. کاری پێدانی ڕاوێژکاری تەکنیکی بە وەبەرهێنەر و کەرتی وەبەرهێنان.
9. پێدانی تایبەتمەندی (مواصفات) و مەرجە تەکنیکیەکانی ئەو کار و پڕۆژانەی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی کە بە تۆڕی کارەباوە دەبەسترێن و لەسەر ئەستۆ و بوودجەی وەبەرهێنەر یان هەر دەزگایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت.
10. ووردبینی تەواوی دەرختەکانی تایبەت بە پڕۆژەکانی هێڵەکانی گواستنەوەی هەوائی و هێڵەکانی کێبڵی ژێر زەوی، کە هاتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان وە پێدانی ڕای تەکنیکی لەسەر بابەتی ئاماژە پێدراو.

پێنجەم :

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی کارەبا

## هێڵکاری ڕێڕەوی کارگێری (Flowchart)